# ناڕەزایی

*جەماوەری کوردستان*
*پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان*
*ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە کوردستانییەکان*
*هەموو دەنگێکی ئازاد و ماف پەروەر لە جیهاندا*

**کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر پیشەی دوو دەیەی لە سەرکوت و ئیستبدادی خۆی بەردەوامە .ڕۆژ نییە لە کونجێکی ئەم ئێرانە پان و بەرینە تاوانی گەورە ئەنجام نەدات ,پەروەندەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری مافەکانی مرۆڤ یەکێکە لە پەروەندە ڕەشەکان لە ئاستی جیهاندا.کاتی ئەوە هاتوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەڵام بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەنەوە وتاوانباری بکەن.**

**لە درێژەی تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر بە گەلی کورد ,بڕیاری مەرگی بەسەر کاک ئیسماعیل محمد بە پەروەندەی ژمارە 8-1564 داوە .کاک ئیسماعیل تەمەن 38 ساڵە لە 4-8-1344 لە دایک بوەو خاوەند 5 مناڵە.لە ڕۆژی 1-6-1381 لە بۆکان بە تاوانی کۆمەڵە بوون گیراوە .**

**ئێمە لەکاتێکدا ئەم تاوانە ڕسوا دەکەین ,لە هەمان کاتدا داوا لەهەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەکەین دەنگی ناڕەزایەتی بەرز کەینەوە و خۆپیشاندان بۆ ڕزگار کردنی کاک ئیسماعیل ڕێک خەین ,بۆ بەردەم دام ودەزگاکانی یو ئێن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ .**

**لە کۆتاییدا هاودەردی خۆمان لەگەڵ کاک ئیسماعیل و مناڵەکانی و هاوسەرەکەی و کەس وکاری و گەلی کوردی تێکۆشەر لە کوردستانی خۆرهەڵات دەرەبڕین .**

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد-چاک-20-7**